وەزارەتی دەرەوەی تورکیا سەرکۆنەی هێرشەکەی حووسیەکان بۆ کەشتیەکی تورکی دەکات

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا سەرکۆنەی ئەو هێرشە مووشەکیەکەی کرد کە لە کەناراوەکانی یەمەن لەلایەن حووسیەکانەوە کرایە سەر کەشتی بارهەڵگری "ئانادۆلو ئیس" کە ئاڵای وڵاتی پانامای هەڵدەگرێت.

سەبارەت بەو هێرشەی لە کەناراوەکانی یەمەن کرایەسەر ئەو کەشتیە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە، لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە: "ئیدانەی ئەو هێرشە مووشەکییەی دەکەین کە لە کەناراوەکانی یەمەن لەلایەن حووسیەکانەوە کرایە سەر کەشتی بارهەڵگری وشکەی "ئانادۆلو ئیس"ی سەربە کۆمپانیایەکی تورکیا کە ئاڵای پانامای هەڵدەگرێت".

هەروەها لە ڕاگەیاندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە دەستپێشخەری پێویست کراوە بۆئەوەی هێوداوەکی هاوشێوە دووبارە نەبێتەوە.